Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.06 23:56:52 +01'00'

## بنکەو کۆمەڵەو سەنتەرە رۆشنبیرییەکان
## پشتیوانی خۆیان بۆ بزاڤی ریفراندۆم رادەگەیێنن

لەکاتێکدا گەلی کوردستان، بە کوردو تورکمان و ئاشوری و کلدان و تایفە هەمەرەنگەکان، بەشداری کاریگەرانەی لە روخانی دەوڵەتی داتاشراوی شۆڤێنی عێراق کرد و خەڵکەکە بینی کە چۆن گەورەترین و درِەندەترین رژێمی دیکتاتۆری لەناوچەکە بۆ هەتا هەتا دارِماو خەریکبوو خەونە رەواکانی گەلی کوردستان بێنە دی، کەچی هێندەی نەبرد، تەوژمە شوڤینیەکانی نێو عێراق و هەرێمایەتیەکان، بەگورِ هاتنەوە گۆرِەپان و جارێکی دیکە بۆ رێگرتن لەجێبەجێ بوونی ئەو خەونە جوانانە قیت بوونەوەو ئێستا دەیانەوێ سەرلەنوێ پرِۆژەی کۆن- نوێی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێننەوە.
ئێمە لە بنکەو کۆمەڵە و سەنتەرە رۆشنبیریەکان، هەستمان بە مەترسی ئەو هەوڵ و پرِۆژانە کردووە، کە نیازیانە مەسەلە رەواکەی گەلی کوردستان بە یەکجاری لەبار بچوێنن، بۆیە وەک بەرپرسیاریەتێکی مێژوویی و نەتەوەیی، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین، کە لە پێشەوەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو پرِۆژانە بین و تەواوی پشتیوانی خۆشمان بۆ بزاڤی ریفراندۆم رابگەیێنین، کە گەرەکیەتی خەڵکی کوردستان تەیارو ئامادە بکا، بۆ گوشارخستنە سەر دەزگا نێو دەوڵەتیەکان، بە مەبەستی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستاندا، بۆ ئەوەی گەلی کوردستان ئازادانە برِیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات و جارێکی دیکە، دوور لە ویستی خۆی هیچ چارەسەرێکی دی بەسەردا نەسەپێندرێ.

**هەولێر/ کۆنفرانسی بنکە و کۆمەڵە و سەنتەرەکانی رۆشنبیری**
**پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک**
**٢٠٠٤/١/٥**

| ژ | ناوی سەنتەر | ناو |
|---|---|---|
| ١- | سەنتەری رۆشنبیری پیرمام | یوسف برادۆستی |
| ٢- | سەنتەری رۆشنبیری چۆمان | ئیسماعیل حسین حسین |
| ٣- | سەنتەری رۆشنبیری شەقلاوە | زرار عەبدوڵلا سەرتاش |
| ٤- | کۆمەڵەی رۆشنبیرانی شەقلاوە | سەرباز مجید خۆشناو |
| ٥- | ناوەندی رۆشنبیری رواندز | نوری ئیبراهیم- بێخاڵی |
| ٦- | بنکەی لالشی رۆشنبیری و کۆمەلایەتی | خێری بۆزانی |
| ٧- | بنگەهێ روشنبیری زاخو | بەیار باقی |
| ٨- | بنکەی رۆشنبیری ئاشووریی دهۆک | نیسان برزا |
| ٩- | بنگەهێ کلدانی یێ روشنبیری و هونەری/دهۆک | میناس یوسف سیفو |
| ١٠- | سەنتەری رۆشنبیریی پایتەخت | جەلال ئەلیاس محەمەد |
| ١١- | بنگەهێ ئامێدیێ یێ رەوشەنبیری | محەمەد عبدالله ئامێری |
| ١٢- | ناوەندی رۆشنبیری سۆران | ئەمیر ئەحمەد تەها |
| ١٣- | ناوەندی رۆشنبیری هەریر | طه مصطفی حەسەن |
| ١٤- | سەنتەری رۆشنبیری دووبزو ماڵی کورد لە دووبز | شەونم یەحیا خضر |
| ١٥- | بزاڤا روشنبیری ل دینارتێ | ابراهیم کادانی |

| ژ | ناوی سەنتەر | ناو |
|---|---|---|
| ١٦- | کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی مەڵبەندی هەولێر | طلعت سامان |
| ١٧- | سەنتەری ئاڵا بۆ پەرەپێدانی رۆشنبیری و هونەری | جبار قادر علی عارف |
| ١٨- | سەنتەری ڕۆشنبیری بلێ | فاخر عەلی بلێ |
| ١٩- | سەنتەری رۆشنبیریی قەرەچووغ | جەمیل محەمەد سنجاوی |
| ٢٠- | مەکتەبی سکرتایەتی کۆمەڵەی کتێبی نەوزانیارییەکان | رزگار جمیل قادر |
| ٢١- | کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی/ لقی رواندز | زرار محمد مصطفی |
| ٢٢- | ناوەندی کۆمەڵایەتی ئاشور/ دیانا | تینوس سیاوش أیو |
| ٢٣- | ناوەندی رۆشنبیری خەلیفان | زبیر رسول احمد |
| ٢٤- | بنکەی رۆشنبیری کاوە | عبدالخالق سەرسام |
| ٢٥- | سەنتەری شاووشکا | کوردستان موکریانی |
| ٢٦- | بزاڤی رۆشنبیرانی نوێخواز | محمد خدر مولود |
| ٢٧- | سەنتەری رۆشنبیری هەریر | احمد لطیف خورشید |
| ٢٨- | ناوەندی روناکبیری رۆژ | سەلاح اسماعیل مەزن |
| ٢٩- | مونتەدای رۆشنبیری کوردستان/ موصل | سەعید مەموزینی |
| ٣٠- | بنکەی رۆشنبیری بەردەڕەش | صباح عبدالمطلیب عمر |
| ٣١- | کۆمەڵی رۆشنبیری کلدان/عەنکاوە | افرام متی یوسف |
| ٣٢- | کۆمەڵەی خۆشنووسانی کوردستان | نجات انور قادر |
| ٣٣ | بزاڤا رەوشەنبیری ل ئاکرێ | ئازاد دارتاش |
| ٣٤ | سەنتەری رۆشنبیری قەڵا | محەمەد عەلی حەوێزی |